حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (١٣٧) لە ٢٠٢٢/٣/١٦

پشتبەستن بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٨) لە ٢٠٢٢/٣/١٦، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی لیژنەیەک لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی (پلاندانان، دارایی و ئابووری، ناوخۆ، ڕۆشنبیری و لاوان، کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، گواستنەوە و گەیاندن) و سەرۆکایەتی دیوان و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و پارێزگاری هەڵەبجە بۆ بەدوادچوونی خێرا و پۆلێنکردنی ئەو (٢٦) بڕگەیەی کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خرانە ڕوو تایبەت بە داواکاری و پێشنیار و پێداویستییەکانی پارێزگای هەڵەبجە کە بە نووسراویان ژمارە (٧١٩) لە ٢٠٢٢/٣/١٥ ئاڕاستەی سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران کرابوو بە ئاڕاستەی جێبەجێکردنیان بۆ خزمەتی زیاتری پارێزگای هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان بەڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی ئەم پارێزگایە و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەو بڕگانەوە.

٢. ڕاسپاردنی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە ڕێگای نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا بۆ کارکردن لە پێناوی ئەوەی حکومەتی عێراق بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیی و دەستووریی خۆی لە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری شەهیدان و بریندارانی و زیانلێکەوتووانی کیمیابارانی هەڵەبجە و گشت قوربانیانی جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان و ناوچە زیانلێکەوتووەکانی دیکەی کوردستان بگرێتە ئەستۆ هەروەک لە ماددەی (١٣٢)ی دەستوور ئەم بەرپرسیاریەتییە بە ئاشکرا خراوەتە ئەستۆی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان.

٣. گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران